# ناونیشانی ڕاستیی کتێبەکەی ((ئیبن سەڵاحی شارەزووری))

**کە ( لە ٥٧٧ هـ تا ٦٤٣ هـ ) ژیاوە**

الصحيح في اسم كتاب "إِبْنُ الصَّلاح"

**نووسینی:** الدكتور ماهر ياسين الفحل

**وەرگێڕانی: زریان سەرچناری**

بسم الله الرحمن الرحيم

**لەڕاستیدا کارێکی زۆر گرنگ هەیە لە یاساکانی زانستی لێکۆڵینەوەی دەستنووس و پەخشکردنیدا، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لێکۆڵەرەوەکە ناونیشانی کتێب بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بنووسێت، بەوشێوەیەی کە دانەری کتێبەکە خۆی ناوی ناوە، چونکە دەستنووسی ئەو کتێبە بە ڕۆیشتنی کات بەسەریدا وردەوردە لەناودەچێت و نامێنێتەوە و ناونیشانەکەی لەبیردەچێتەوە، یەکێك لەو کتێبانەی کە ناوەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کتێبە بەنرخەکەی پێشەوا** (ابن الصلاح)**ـە، بەناوی** (معرفة أنواع علم الحديث)**.**

**هەرچەندە لە ناوخەڵکیدا ناودەبرێت بە**(مقدمة ابن الصلاح) **یا**(علوم الحديث) **کە لەڕاستیدا دانەری کتێبەکە بەهیچ کام لەو دووانە کتێبەکەی ناو نەناوە، ئەم ڕاستیەش** (الدكتور موفق عبدالله عبدالقادر) **لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وردی بۆ کردووە وە لە بەشێك لە کتێبە بەنرخەکەیدا ئاماژەی پێکردووە بە ناوی** (توثيق النصوص وضبطها عن المحدِّثين)[1] **منیش حەزمکرد کە دەقاودەق لێوەی بگوێزمەوە چونکە هیچی تیانەهێڵاوەتەوە کە من بۆی زیاد بکەم، خوا پشت و پەنای بێت دەڵێت:**

**هەروەها نمونەمان کتێبی** (معرفة أنواع علوم الحديث)**ـی** (الإمام الحافظ أبي عمرو**ی** عثمان**ی کوڕی** عبدالرحمان**ی** الشهرزوري)**ـە، کۆچکردوی ساڵی "٦٤٣ك" چونکە ئەو کتێبە لە ناو فێرخوازاندا ناسراوە بە**(مقدِّمة ابن الصلاح) **جا بابزانین ئەم ناوە لەکوێوە هاتووە؟**

**١- بەڕاستی دانەری کتێبەکە هەرگیز کتێبەکەی ناونەناوە"**المقدمة**" هەروەها هیچ کام لە زانایانی دوای خۆیشی ئەو کتێبەی"**[إبن] [2] الصلاح **"ی ناو نەبردووە بە"** المقدِّمة **".**

**٢- "** ابن الصلاح **" خۆی ناوی کتێبەکەی ناوە و لەسەرەتای کتێبەکەشیدا ئاماژەی پێداوە کە دەڵێت: (...جا خەریکبوو وای لێدەهات ئەوەی پرسیاری دەکرد دەربارەی ئاڵۆزیەک، هیچ وەڵامێکی دەست نەدەکەوت، وە پرسیارکەر دەربارەی ئەو زانستە کەسێکی شارەزای دەست نەدەکەوت، خوای گەورە منەتی خۆی کرد بە کۆکردنەوەی پەرتووکی" **معرفة أنواع علم الحديث** " کە بوە هۆی دەرخستنی نهێنییە شاراوەکانی...)[3].**

**٣- تەنانەت لەو نووسخەیەی کە ناسراوە بە نووسخەی** (إستانبول) **ئێستا لە**(المكتبة السليمانية به ژمارە "٣٥١ ")**پارێزراوە، ئەم ڕاستیە ی تێدایە کە ئەو نووسخەیە لەلای دانەری کتێبەکە خوێندراوەتەوە لە کۆتایی ساڵی (٦٤١ك) واتا لە پێش کۆچی دوایی"** ابن الصلاح **" بە ساڵێك و چەندمانگێك، کە "** ابن الصلاح **" بە دەستوخەتی خۆی لە چەندین شوێندا تێبینی لەسەر نووسیوە، کە لە"** صورة السماع **"دا**

(١) ١٠٢ - ١٠٨ .

(٢) سقطت من الأصل .

(٣) معرفة أنواع علم الحديث : ٦ ، ٧٧ - ٧٨ من طبعتنا.

ئامـاژه بـەوە كـراوە كـە ئـەو كتێبـە هـەر هـەموی وەكـو خـۆی خوێنراوەتـەوە بۆ دانەرەكـەی، وە لێـی نووسراوە:" سەرجەم ئەم پەرتـووكە خـوێنرایەوە بۆ دانەرەكەی كە بـریتییە لە پەرتـووكی " **معرفة أنواع علم الحديث** "

وە ئیبن سـەلاحیش لە پەڕەی كۆتـایی نووسـیویەتی: ئەوە راسـتە و خـوا بیكـات بە مـایەی سود و گەیاندنی.

٤- **هەروەها ناوی كتێبەكە لە"** سماع **"دا هاتووە، لە نووسـخەی پـارێزراوی"** دار الكتب المصرية **بە ژمارەی :** "١٥٥" مصطلح الحديث **" كە نووسخەیەكی باوەڕپێكراو و بەنرخـە نووسـراوە**، سـەرجەم ئەم پەرتووكەم بیست بە ناونیشانی " **معرفة أنواع علم الحديث"**.

٥- **وە زۆربەی زانایانیش ئەو كتێبەیان ناوبردووە بە"**علوم الحديث**" بەگوێرەی ئـەو زانسـتەی كـە تێیدایە و ئەو بابەتەی لێی دەدوێت، كە زانستی فەرمودەیە.**

٦- **لەو زانا بەڕێزانەش " الإمام النووي** -محيي الدين يحيى بن زكريا- **" كۆچكردووی سـاڵی "** ٦٧٧**ك " لە كتێبی "** التقريب **"دا**[٤] **هەرچەندە لە كتێبی "**إرشاد طلاب الحقائق**" ئەو كتێبەی ناوبردووە بە "** معرفة علوم الحَدِيْث **"**[٥].

٧- **وە تەلەبـە بەڕێزەكـەی"** ابن الصلاح **" بـە نـاوی" إبنُ خَلَكان** -شمس الدين أحمد بن مُحَمَّد - **" كۆچـــكردوی ســـاڵی"**٦٨١**ك" لـــە ژیاننامـــەی "** ابن الصلاح **"دا دەڵێـت:** دەربـارەی علوم الحديث پەرتووكێكی بەنرخی داناوە... **"**[٦].

٨- **وە " إبْنُ كَثِيْر** -الحافظ عمادالدين أبوالفداء إسماعيل بن عمر الدمشقي-**" كۆچـكردوی سـاڵی "**٧٧٤**ك" ئەو كتێبەی كورت كردۆتەوە و نای ناوە"** إختصار علوم الحديث**"**.

٩- **هەروەها " الإمام الذهبي** -الحافظ أحمد بن محمد بن عثمان- **"كۆچكردوی سـاڵی"**٧٤٨**ك" بـە "** علوم الحديث **" ناوی بردووە لە كتێبەكەی خۆیدا بە ناوی"** سير أعلام النبلاء **"**[٧].

١٠- **هـەروەها " إبن جماعة** - قاضي القضاة عزالدين عبدالعزيز بن مُحَمَّد بن إبراهيم- **" كۆچـكردوی سـاڵی "**٧٦٧**ك" هـەر بـە"** علوم الحديث **" نـاوی بـردووە، وە خۆشـی كتێبێكـی دانـاوە بـەناوی "**الجواهر الصحاح في شرح **علوم الحديث** لإبن الصلاح**" دەستنووسـێك لـەم نووسـراوەش پـارێزراوە لـە"**دار الكُتُب المصرية **بە ژمارە "**٨٧٣هـ" مصطلح الحديث**"**.

---

(٤) تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي ٦١/١ .

(٥) إرشاد طلاب الحقائق ١٠٧/١ .

(٦) وفيات الأعيان ٢٤٤/٣ .

(٧) ١٤١/٢٣ .

١١– وە "**الحافظ العراقي**– زين الدين عبدالرحيم بن الحسين"**کوچـکردوی سـاڵی**"٨٠٦**ك**" **بـەم شێوەیە ناوی بردووە لە کتێبەکەیدا** "التقييد والإيضاح لما أُطلِق وأُغلِقَ من كتاب ابن الصلاح"(٨).

١٢– **وە بە** " علوم الحديث " **ناوبراوە لە لایەن**" مصطفى بن عبدالله القسطنطيني **ناسراوبە** الملاّ كاتب الجلبي **کە پێی دەگوترا** حاجي خليفة " **کۆچکردوی ساڵی**"١٠٦٧**ك**" **لە کتێبەکەیدا**"كشف الظنون عن أسامي الكُتُب والفنون "(٩).

١٣– **وە بە**" علوم الحديث " **ناوبراوە لە لایەن**" مُحَمَّد بن سليمان الروداني" **لە کتێبی**"صلة الخلف بموصول السلف"(١٠).

١٤– **وە بە** "علوم الحديث" **ناوبراوە لە لایەن**" السيد مُحَمَّد بن جعفر الكتَّاني "**لە کتێبەکەیدا**" الرسالة المستطرفة "(١١).

١٥– **بە هەمان شێوە** " عبدالحي بن عبدالكبير الكتاني " **کۆچکردوی ساڵی**"١٣٨٢**ك**" **لە کتێبەکەیدا** " فهرس الفهارس والأثبات "(١٢).

١٦– **وە کتێبەکە ناوبراوە بە**" علوم الحديث " **لەسەر** " لوحة العنوان "**واتا، تەختەی ناونیشانەکان لە نووسخەی** "الموصلية" **کە پارێزراوە لە گەنجینەی** (دار الكتب المصرية به ژمارە "١" مصطلح الحديث ) **کە لە تەختەی کۆتایدا نووسراوە** " پەرتووکی **أنواع علوم الحديث** کۆتایی هات بە ویستی خوا لەسەر دەستی عەلی یوسف موسڵی خواعافوی بکات لە مانگی جەمادی کۆتایی ساڵی ٦٦١کۆچی ..."

**نووسخەیەکی زۆردێرین و بەنرخە کە وەرگیراوە لە نووسخەیەکی تر کە لێی نووسراوە** " **پیشاندرا لە دانیشتنێکی تردا** رۆژی یەکشەممە نۆی جەمادی یەکەم ساڵی ٦٦١کۆچی ".

**لە کۆتاییەکەیشیدا** " ابن الصلاح " **بە دەستوخەتی خۆی ئیمزای کردووە و نووسیوێتی**" ئەوە راستە و خوا بیکات بەمایەی سود و بیگەیەنێت و ئەمەش دانەرەکەی نووسیویەتی خوا لێی خۆشبێت".

١٧– **لە ڕاستیدا** "المقدمة" **لە زانستی فەرمودەدا ناوی ئەو**"المقدمة"**یەیە کەنووسراوە لەلایەن**"الإمام الحافظ مجدالدين أبوالسعادات المبارك بن مُحَمَّد **ناسراو بە**: ابن الأثير الجزري " **کۆچکردوی**

---

(٨) التقييد والإيضاح : ٢ .

(٩) كشف الظنون ٢ / ١١٦١ .

(١٠) صلة الخلف : ٣٠٦ .

(١١) الرسالة المستطرفة : ٢١٤ .

(١٢) فهرس الفهارس والأثبات ٧٢٢/٢ ، ٨١٦ .

**ساڵی"٦٠٦ك" كە لەسەرەتای كتێبە بە نەرخەكەیدا نووسیویێتی "** جامع الأصول في أحاديث الرسول **"**[١٣].

**چونكە لەسەرەتای كتێبەكەدا واتا"** جامع الأصول **" دەڵێت: "** الباب الأول: في الباعث عَلَى عمل الكتاب، وفيه مقدمة ([١٤]) وأربعة فصول " المقدمة **"**([١٥]) **وە لەكۆتای "** المقدمة **"كەدا دەڵێت"** وهي مقَدمة في " علوم الحديث " : (( هذا آخر القول في الباب الثالث من هذه المقدمة ))**"**.

١٨– **بۆیە لە لایەنی زانستیەوە نابێت ئەوە بەڕاست دابنرێت و بگوترێت كتێبی" معرفة أنواع علم الحديثی ئیمام"** الحافظ ابن الصلاح **" ناسراوە یان زانراوەبە "**المقدمة**"**.

١٩– **بەڵام ئێستا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە: كێ كتێبەكەی"ابن الصلاح"ی ناوناوە بە" المقدمة " ؟**

**وەڵامەكەی بەم شێوەیەیە :**

**أ. یەكەم كەس كە ئەو كتێبەی بەناوی"** مقدمة ابن الصلاح **"بەچاپ گەیاند "هیند"ەكان بون، لە ساڵی "١٣٠٤ك" بە سەرپەرشتی"** الشَّيْخ عبد الحي اللكنوي**"**.

**ب. پاشان بۆ جاری دووەم چاپكرایەوە لە"** مطبعة السعادة بالقاهرة **"ساڵی"١٣٢٦ك" كە "** الشَّيْخ محمود السكري الحلبي **"تێبینی لەسەر نووسی بوو، بە ناونیشانی "**كتاب علوم الحديث المعروف بمقدمة ابن الصلاح **" وە لەسەرەتای هەموو لاپەڕەیەكیدا نووسرابوو"** مقدمة ابن الصلاح **"**.

**ج. پاشان كتێبەكە لە"** المطبعة العلمية بحلب **" چاپكرایەوە لە ساڵی"١٣٥٠ك" بە سەرپەرشتی"** السيد مُحَمَّد راغب الطباخ **" كە دوو پەراوێزی لەسەر بوو:**

**یەكەمیان"** التقييد والإيضاح لما أُطلِق وأُغلِق من كتاب ابن الصلاح **"ی "** حافظ العراقي **"بوو.**

**دووەمیان"** المصباح عَلَى مقدمة ابن الصلاح **"ی "** الشيخ مُحَمَّد راغب الطبَّاخ **" بەڵام "** الشيخ مُحَمَّد راغب الطبَّاخ **" كتێبی "** التقييد **"ی ناونابوو "** التقييد والإيضاح شرح مقدمة ابن الصَّلاَح **" وە كتێبەكەی "** ابن الصَّلاَح **" "** مَعْرِفَة أنواع علم الْحَدِيْث **"ی ناوبردبوو بە"** المقدمة **"**[١٦].

**د. پاشان " لێكۆڵەرەوەی بەڕێز دكتۆر:** عائشة عبدالرحمان(بنت الشاطئ)**" هاتوو كتێبەكەی "** ابن الصلاح **"ی بە چاپگەیاند كە كتێبی"** محاسن الاصطلاح **"ی "**حافظ سراج الدين البلقيني**" كۆچكردوی ساڵی"١٣٩٣ك"ی كردبوو بە پەراوێز بۆی، لە ژێر ناونیشانی"** مقدمة ابن الصلاح ومحاسن الاصطلاح **"**

---

(١٣ ) ١/٣٥–١٧٨.

(١٤) جامع الأصول ١ / ٣٥ .

(١٥) جامع الأصول ١ / ١٧٨ .

(١٦) انظر : ٢ ، ٤ ، ٦ ، ١٤ ، ١٦ ، ٤١٩ .

**هەرچەندە ناونیشانی کتێبەکە لەسەر تەختەی دەستنووسەکان** (لوحة المخطوط) **بەوشێوەیە نییە بەڵکو ناوە ڕاستییەکەی "** محاسن الاصطلاح وتضمين كتاب ابن الصلاح"**ـە.**

**ئیتر بەم شێوەیە کتێبەکەی "** ابن الصلاح **" ناسرا بە"** المقدمة **" لە سەر بۆچونی دوو چاپە هیندیەکەی سالآنی"١٣٠٤ك"و"١٣٥٧ك" وە چاپەکەی"** القاهرة **" ی ساڵی"١٣٢٦ك" چاپی یەکەمی "** الحلبية **" ساڵی"١٣٥٠ك" و چاپی دووەمی "** الحلبية **" ساڵی"١٣٨٦ك".**

**هـ. بەڵام دەربارەی هۆنراوەکەی "**قاضي القضاة شهاب الدين أبي عبدالله مُحَمَّد بن أحمد بن خليل الخويّي **" کۆچکردوی ساڵی"٦٩٣ك" کە ناوی"**أقصى الأمل والسول في أحاديث الرَّسُوْل**"ـەو نووسخەیەکی ماوە لە"** دار الكُتُب المصرية به ژمارە "٢٥٦" مصطلح حديث**" کە لێی نووسراوە"**أرجوزةٌ نظم فيها مقدمة ابن الصلاح"[١٧] **ئەوە تەنها گوتەی دانەری کتێبی"** فهرست المخطوطات **"ـە لە"** دار الكُتُب المصرية **" و هیچی تر.**

**و. هەروەها ناونانی کتێبەکەی"-ابن جماعة** – قاضي القضاة مُحَمَّد بن إبراهيم**"ی کۆچکردوی ساڵی"٧٣٣ك" بە"**مختصر تلخيص مقدمة ابن الصلاح في معرفة أنواع علوم الحديث **" کە ئێستا ماوە لە"** دار الكتب المصرية به ژمارە"٣٥٢" مصطلح حديث **" بەڕاستی ئەو ناوەی لە لایەن نووسەرەوەکانەوە لێنراوە، وە گوتەی نووسەرانی"** فهرست دار الكتب المصرية**"ـەو بەس**[١٨]**، ئەگینا کتێبەکە خۆی لە ڕاستیدا ناوی"** المنهل الروي في الحديث النبوي **" وەك چۆن لەو نووسخە پارێزراوەی**(دار الكتب المصرية به ژمارە " ٢١٧ طلعت"**)دا هاتووە**[١٩] **وە هەر بەم ناوەشەوە کتێبەکە چاپکراوە.**

**کەواتە ناوی ڕاست و دروستی کتێبەکەی"** ابن الصلاح**" " معرفة أنواع علم الحديث "ـە، وە ناونانی بە"** المقدمة **" تەنها ئیجتهادی ئەو کەسانەیە کە هەستاون بە چاپکردنی کتێبەکە لە چاپەکانی هیندستان و چاپە میسریەکە و ...هتد، ئیتر ئەو ناوەی بەسەردا دابڕا، هەرچەندە ئەو ناوە داهێنراوە و تازەیە چونکە هیچ کەس لە زانایان ئەو ناوەیان نەگوتوە.** [٢٠]

## معرفة أنواع علم الحديث " لإبن الصلاح الشهرزوري (٥٧٧ هـ – ٦٤٣ هـ)

(ﷺ)

---

(١٧) فهرست دار الكتب المصرية : ١٦٠ .

(١٨) فهرست المخطوطات، دار الكتب المصرية ، المجلد الأول ، مصطلح الحديث : ٢٨٨ .

(١٩) فهرست المخطوطات ١ / ٣١٠ ( مصطلح الحديث ) .

(٢٠) لذا سمينا نشرتنا هذه بـ:" **معرفة أنواع علم الحديث " لەو زانایانەش کە لەکۆندا ئەم ناوەڕاستەیان بەکار هێناوە ئیمامی**(القرطبي)**یە (کۆچکردوی ساڵی"٦٧١ك") لە تەفسیرەکەیدا** (٣١٠٩/٤ طبعة دار الشعب).